# پێنتاگۆن لە راپۆرتێکی 2017 دا: کۆرۆنا دێت و جیهان تووشی قەیران دەبێت

06-04-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

[رێبوار قاسم|](#)

**دوو ساڵ پێش دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا(پێنتاگۆن) لە راپۆرتێکی 103 لاپەڕەییدا لەبارەی ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتایەکی هاوشێوەی کۆڤید-19ی نوێ و هەڕەشەکانی بۆ سەر ئەمریکا هۆشداری داوەتە کۆشکی سپی.**

راپۆرتەکە بەشی زۆری ئەو کێشانە دەخاتەڕوو کە ئێستا ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی جیهان بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە چەندین بۆنەدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی پێشبینی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی هاوشێوەی کۆرۆنا بکات، بەڵام پنتاگۆن لە راپۆرتێکی ساڵی 2017دا هۆشداری داوەتە کۆشکی سپی و پێیگوتووە:"رووداوێکی بایۆلۆژی کارەساتبار دەتوانێ هەڕەشە لە خەڵك، ئاژەڵ، رووەك، ژینگە، تەندروستیی ئابووری و ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بکات" و، پێویستی بە "کاردانەوەی خێرا و کاریگەر هەیە بۆ ئەوەی زیانە گیانییەکان و ئاکامە خراپەکانی کەمبکرێنەوە".

راپۆرتەکە، کە کۆپییەکی دەست گۆڤاری (نەیشن)ی ئەمریکی کەوتووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەری بڵاوبوونەوەی "نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسە، بەتایبەتی نەخۆشیی ئەنفلوانزایەکی نوێ" لە هەموو ئەگەرەکانی دیکە "زیاتر رێی تێدەچێت و لەپێشترین ئەگەریشە".

کۆڤیدـ19 نەخۆشییەکە بە خۆگۆڕین یان پەرەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا دروستبووە و یەکێك لەو کۆئەندامانەی کە دەیکاتە ئامانج کۆئەندامی هەناسەی مرۆڤە. راپۆرتەکە لە چەندین شوێن بەناو ئاماژە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات، وەك چۆن لە شوێنێکی راپۆرتەکدا هاتووە "نەخۆشیی گوازراوەی کۆرۆنا لە جیهاندا شتێکی باوە".

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بەدووری نازانێت ئامرازەکانی دەستنیشانکردن و چارەسەریی ڤایرۆسە باوەکان بۆ ئەو ڤایرۆسە نوێیە کاریگەرییان نەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڤایرۆسەکە بە خێراییەکی زۆر بە هەموو جیهاندا بڵاوبێتەوە.

حکومەتی چین لە رۆژی 11ی کانوونی دووەم مردنی یەکەم تووشبووی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند. ئەوکات تەنیا 41 تووشبووی پشتڕاستکراوە لە چین هەبوون، لەکاتێکدا شاری ووهان لە هەرێمی هوبەی بە سەنتەری سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دادەنرێت. ڤایرۆسەکە کەمتر لە سێ مانگی پێویستبوو بۆئەوەی سنووری 1 ملیۆن و 200 هەزار تێپەڕێنێت.

لە بەشێك لە راپۆرتەکەدا هاتووە "بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە یەك کۆمەڵگە دەتوانێ بەخێرایی بۆ قەیرانێکی تەندرووستی بگۆڕێت کە چەندین وڵات دەگرێتەوە و ملیۆنان کەس بەدەستییەوە بناڵێنن، ئەوە جگە لەوەی گرفتی گەورە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە دروستدەکات. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نەخۆشییەکە دەکرێ گواستنەوەی خێرا و سەختییەکەی بێت، ئەگەرێکی بەهێزیش ئەوەیە کاریگەری لەسەر پاراستنی هێزی تەندروستی دروستبکات".

راپۆرتەکەی پێنتاگۆن بە ناونیشانی (پلانی لقی یوئێس نۆرس کۆم 3560: کاردانەوە بەرامبەر پەتای ئەنفلوانزا و نەخۆشیی گوازراوە) ئامادەکراوە، تەنیا بۆ بەکارهێنانی فەرمییە و رێکەوتی 6ی کانوونی دووەمی 2017ی لەسەرە.

مانگی رابردوو ئەمریکا بەشێك لە ستافی دامەزراوە دیپلۆماسییەکانی لە بەغدا و هەولێر کشاندەوە، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو هەنگاوەشی بۆ هەڕەشەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەڕاندەوە. دوو ساڵ لەمەوبەر وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێشبینی ئەوەی کردبوو بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی هاوشێوەی کۆرۆنا دەتوانێ کاریگەری لەسەر "ئامادەیی و کاریگەری"ی هێزەکانی ئەمریکا دروستبکات.

بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19 لە قەیرانێکی تەندرووستییەوە بۆ قەیرانێکی هەمەلایەنەی جیهانی گۆڕاوە. پێنتاگۆن لە دێری 462ی راپۆرتەکە و لە برگەی (هەڕەشەی ستراتیژیی نیشتمانی) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پەتاکە "لێکەوتەی جیدیی بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا دەبێت"، لەوانەش "ئاکامە سەختە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی".

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وڵاتانی جیهانی تووشی کێشەی کەمیی کەلوپەلەکانی رێگری، خۆپارێزی و یارمەتیدانی تووشبووان کردووە. زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئێستا بە ناوەندی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دادەنرێن کێشەی ئامێری هەناسەدان و کەلوپەلەکانی خۆپارێزییان هەیە، ئەم کێشەیەش خەڵکی ئاسایی و ستافی تەندرووستی نەخۆشخانەکانی کۆرۆنای گرتووەتەوە.

هەفتەی رابردوو دوو بەرپرسی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بە رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)ی ئەمریکییان راگەیاند کۆگای ستراتیژیی نیشتمانیی ئەمریکا خەریکە لەو کەلوپەلانە بەتاڵ دەبێت کە بۆ خۆپارێزی لە کۆڤید-19 پێویستن.

لە کۆی 1 ملیۆن و 236 هەزار کەیسی پشتڕاستکراوی تووشبووی کۆرۆنا و 67هەزار و 237 گیانلەدەستداوی ڤایرۆسەکە کە تاوەکو ئێوارەی یەکشەممە لە هەموو جیهان تۆمارکراون، نزیکەی 25%ی تووشبووان و 11%ی گیانلەدەستداوانی ڤایرۆسەکە لە ئەمریکان.

بەرزبوونەوەی خێرای ژمارەی تووشبووان گوشارێکی زۆری لەسەر کەرتی تەندروستی ئەمریکا و کۆگای نیشتمانیی کەلوپەلە پزیشکییە سەرەتاییەکان دروستکردووە.
دوو ساڵ لەمەوبەر پێنتاگۆن پێشبینی دۆخێکی وەك ئەوەی ئەمڕۆی کردووە و ئاماژە بۆ ئەوە کردووە کە بەهۆی کەمبوونەوەی کەلوپەلە پێویستەکان کێشە و کێبڕکێ بۆ بەدەستهێنان و گەرەنتیکردنی ئەو پێداویستییانە دروستدەبێت، لەوانەش ئامێری هەناسەدانی دەستکرد، دەمامك، دەستەوانە، کەرستەی لۆجستیکی، پێداویستی پزیشکی و هێزی کاری تەندروستی.
بەپێی راپۆرتێکی سەرەتای ئەم مانگەی سکوڵی تەندروستیی گشتیی بلومبێرگ لە زانکۆی جۆن هۆپکینز، ئەمریکا 64 هەزار ئامێری هەناسەدانی دەستکردنی هەیە، کە خاوەن هەموو تایبەتمەندییەکانی ئامێرێکی لەوشێوەیەن، جیا لەمە 98 هەزار ئامێری دیکەی هەناسەدانی دەستکردی هەیە کە هەموو تایبەتمەندییەکانیان نییە، بەڵام دەکرێت لە فریاکەوتن سوودیان لێوەبگیرێت.
قەیرانی کەمی دەمامك لە ئەمریکا گەیشتووەتە ئاستێك کە دەست لە دەمامکی وڵاتانی دیکەش ناپارێزێت. هەفتەی رابردوو حکومەتی ئەڵمانیا ئەمریکای بە "نموونەیەکی مۆدێرن لە چەتەیی" تۆمارکرد، کاتێك 200 هەزار دەمامکی جۆری N95 کە بڕیاربوو بۆ ئەڵمانیا بگوازرێنەوە، لەکاتی گواستنەوەی نێوان فڕۆکەکان لە تایلەندەوە رەوانەی ئەمریکا کران.
کەمی تەختی نەخۆشخانەکان و ئامێری هەناسەدان دەستکرد کێشەی گەورەی بۆ هەردوو وڵاتی ئیسپانیا و ئیتاڵیا دروستکردووە، کە لەڕووی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆناوە لە پاش ئەمریکا لە پلەکانی دووەم و سێیەم دێن. وەك لە راپۆرتەکەی 2017دا هاتووە "تەنانەت پیشەسازیترین وڵاتەکانیش کێشەی کەمیی تەختی نەخۆشخانە و کەرستەی تایبەتی وەك ئامێری هەناسەدانی دەستکردیان دەبێت".